# شەپۆلی مانگرتنەکانی ئەم دوایانە!

سیروان ئەمین

ئەمڕۆ لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا تەنها یەک ترام (میترۆ) لە شاردا دەسوڕایەوە ئەویش پێش وەخت لە دەستی کریکارە مانگرتوەکان و بەربەستەکانیان رزگاری بوو بوو وەتەواوی ئیش و کارەکانی بازاری ئەوروپی وەستا و بە پێی سەرچاوەکان 12 سالە ئەوە یەکەم جارە مانگرتنی بەم شێوەیە بارپابێت لە ولاتی بەلجیکا، شیانی باسە کە سێ شەممەی ڕابوردو لە فەرنسا ملیۆنی کرێکار مانگرتێکیان بەرپاکرد کە پاریسی پێتەخت وشارەکانی تری ئەو ولاتەی خستە بارودۆخیکی ئالۆزەوە ولاتی توشی ئیفلیجی کرد و حکومەتی ناچار کرد کە یەکسەر داوای دانیشتن و گفتوگۆ بکات لە گەل ڕبەرانی مانگرتنەکە ، لە لوبنان و مەغریبیش کرێکاران و دۆستەکانیان مانگرتنیان بەرپاکرد و فرۆکەخانە و وێستگە و ڕێگاکانیان بەست، تەنها لەلوبنان 124 گەشتی فرۆکە لەفرۆکەخانەی (رەفیق الحەریری )گەشتەکانیان دواخست کە حکومەتی ئیحراج کرد.

سەرەڕای ئەوەی کە سەجەم مانگرتنەکەن شیوەیەکی ئابوری بەخۆوە گرت بەلام کاردانەوەی ڕاستەو خۆی لە سەر ڕوداوە سیاسیەکانی رۆژ هەبوو ، بۆ نمونە لە فەرەنسا دوفیلیانی سەرۆکی فەرەنسا یەکسەر ڕێژەی لایەنگرانی هەتە خوارەوە حکومەتەکەی کەوتە با شالاوی نارەزایەتی خەلک سێ یەکی دانیشتوانی فەرەنسا پشتیوانی خۆیان بۆ مانگرتوان ڕاگەیاند و حکومەتیان بە کەمتەرخەم تاوانبار کرد بەرانبەر بە کرێکاران.

مانگرتنەکانی ئەم دەوریە زۆر کوتوپڕ بوو وە بەشێوەیەکی بەرفراوان و دوور لە بۆچوونی سەرمایەدارەکان خەلکێکی زۆری هینایە پشتی خۆی و لە ڕادەبەدەریش بە هێز بوو هەروەها مانگرتوان هەڕەشە دەکەن کە ئەگەر داواکانیان پشت گوێ بخرێ ئەوە ئامادەن دووبارە دەست بە مانگرتن بکەنەوە.

جیا لە داوای مانگرتوان کە بۆ پاشتر کردنی ژیان و سالّی جێنشنکردن و بیمەکۆمەلّایاتیەکان بوو بەلام جاریکی تر ئەوەی دووپات کردەوە کە هێزی لە بن نەهاتووی ئەم چینە کە هەرکات هیمەت بکات و بێتە مەیدان دەتوانێ و لە دەستی دێ تەواوی ماشێنەکانی سەرمایەداری پەک بخاو تووشی سەرئێشەی بکات.

ئەو غۆلە نووستوەی کە مەنصور حیکمەت باسی دەکات هەمیشە لە پارێزدایە و بومەلەرزە ئاسا جارناجاری تۆقی سەرمایەداران دەباو دەزگاو دائیرەیان دەخاتە مەترسی مەرگەوە بەم نمایشانە.

سیروان ئەمین 2005/10/08

ئەم بزوتنەوە گەوریە کە تەواوی چەرخی ئەم دونیایە بەدەستیەوەتی هەڵیدەسورڕێنی و خۆێشی لە کەمترین ماف و پێداویستیەکانی بەهرەمەندە هەرکاتێ حیزبی سیاسی خۆی وهەوێنی شۆڕشی پەیدا بوو ئەوا ئەم نەزمە گەندەڵە تیک و پێک دەداو وەزعی نالەباری دونیا وبرسێتی و ناعەدالەتی کۆتای پێ دێنێ.

ئەمڕۆ دونیا و بەشەرییەت لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بەم ئاڵوگۆڕە و ئەلتەر ناتیڤەی چینی کرێکار هەیەو چاویان لە دەست و بازوی ئەم چینە خولقێنەرەیە، چونکە سەرمایەداری و ڕژیمە زاڵمەکەی دونیای کردۆتە سەربازگەیەی پر لە برسێتی شەڕ و شۆڕ.

دەسگرتن و بەهێزکردنی خەباتی داواکاری بە شێوەی مانگرتن و خۆپیشاندان شێوازی خەباتێکی شارستانی کارای چینی کریکارە و دەبێ بەهێزبکرێت و پێویستی بە پشتیوانی هەموان هەیە لە هەرکوێی ئەم دونیا بین.

یەکدەنگی ئەم دوایانەی چینی کرێکار بەرانبەر بە داگیرکاری ئەمریکاو و برسی کردنی خەڵکی جیهانی سێ خاڵی پرشنگداری ئەم دەورەیەن و دەبێ وەک دەسکەوتێکی نێو نەتەوی تەماشابکرێ و ئومێدی هەنگاوی گەورەتری بە دواوە بێت.